ئەستێل ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# فێڵە کـۆنەکەی تورکیا، کورد لە نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووردەخاتەوە

لوقمان ڕادپەی

کاروباری جیهانی . ئۆرشەلیم پۆست . Jerusalem Post



# فێڵە کۆنەکەی تورکیا، کورد لە نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور دەخاتەوە


## لوقمان ڕادپەی



The Jerusalem Post

مارسی 2025

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

پــتەوکردنی پەیوەنــدییەکانی نێوان کورد و ئیسرائیڵ دەتــوانێت هێزێکی هــاوسەنگکەر بێت لە بەرامبەر پاوانخوازیی تورکیا و ئێران؛ سەقامگیری ناوچەکەش بەرەو پێش ببات و دایینامیزمی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دووبارە پێناسە بکاتەوە.

جــارێکی دیکە تــورکیا کەڵک لە پرسی کورد بۆ سەپــاندنی هەژمــوونی نــاوچەیی وەردەگــرێت. ئەمــجارەیان، بەهێزتــرین کارتی خۆی بەکار دەهێنێت: عەبــدوڵڵا ئۆجەلان، دامەزرێنەری پەکەکە -سەردەمــانێک ئــامــانجی کوردســتانێکی سەربەخۆ بــوو- کە لە ســاڵی 1999ـەوە لە زیندانــدایە. بــانــگەوازی ئۆجەلان بۆ دامــاڵینی چەک -کە نەک تەنیا ئــاراســتەی پەکەکە بەڵکوو ئــاراســتەی "هەمــوو گــرووپەکان" دەکات، ئــانکارا ئــامــانجی ئەوەیە بــزووتــنەوە کوردییەکان لە سەرانــسەری ناوچەکەدا لەکار بخات.

بەڵام تــورکیا بەڕاســتی هەرگیز مەیلی چــارەسەرکردنی پــرسی کوردی نەبــووە، کە ئەمەش «سەرچاوەی گرتووە لە داخستنی کاناڵە سیاسییە دێمۆکراتیکەکانەوە» لەلایەن ئانکاراوە، وەک ئەوەی ئۆجــالان بەدروســتی لە پەیامەکەدا بــاسی دەکات. تــورکیا بۆ مــاوەی سەدەیەک بە شێوەیەکی سیستماتیک کوردی ڕەد کردووەتەوە، تەنــانەت لە چــوارچێوەی سەرەتــاییترین ئۆتۆنۆمی لە سنوورەکانی خۆیدا.

ئۆجــالان لەژێر گــوشــاردا بــووە بۆ ئەوەی لە داواکردنی هەر جۆرە فۆڕمێکی سیاسی خۆی بەدوور بگرێت، لەوانە "فێدێراڵیزم، ئۆتۆنۆمی ئیداری، یان چارەسەرەییە کەلتوورییەکان"، تەنانەت لەناو تــورکیاشــدا. پەکەکە بە ئــامــانجی کوردســتانێکی سەربەخۆ دامەزرا کە هەمــوو نــاوچە کوردنشینەکانی ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا بگرێتەوە. چۆنە کە مرۆڤ ئــامــانجی گەورە و

سەرەتایی خۆی لەبیر دەکات کە ئێستا کورتکراوەتەوە بۆ ئەوەی تەنانەت "چارەسەری کەلتووری"یش دەستەبەر نەکات؟

ئۆجەلان تەنانەت خۆی دوور ڕاگرتووە لە بانگەشەکردن بۆ مۆدێلی حوکمڕانی کۆنفیدێراڵیزمی دیمۆکراتیک. ئەم پاشەکشە توندە پرسیار سەبارەت بە ستراتیژی درێژخایەنی تورکیا و هەڵوێستی ئۆجالان لەژێر گوشاری دەوڵەتی تورکیادا دەورووژێنێت؛ چونکە ئەو "ئاشتییە دیمۆکراتیکە" کە وەک چارەسەرێک پێشنیاری دەکات، چاکسازییەکی گشتی لە ناسنامەی ڕووتی ئێتنۆسێنتێریزم "تورک" کە لە دەستووری تورکیادا چەسپاوە، بەدوای خۆیدا ناهێنێت. کەواتە، چی لە پشت ئەو ئاماژەیەی تورکیاوەیە؟




بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیران، ئەمڕۆ دووشەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ، نەخشەی کەرتی غەزە و ناوچەکانی نزیک لە ئیسرائیلّ نیشان دەدات، کە تیرەکان ئاماژەیان بە ڕێڕەوی فیلادلفی (سەرەوە) و دەروازەی ڕەفەح کردووە. (وەرگیراوە لە: CHAIM GOLDBEG/FLASH90)

**پێداچوونەوە بە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیران، لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سێپتامبری 2024دا، نەخشەی پێداچوونەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لادا و تیشکی خستە سەر ڕۆڵی گرینگی کورد لە ناوچەکەدا. کورد بە مۆدێلی حوکمڕانی سێکۆلات و دێمۆکراتیک و پەیوەندی مێژوویی لەگەڵ گەلی جوودا، نوێنەرایەتی هێزێکی ستراتیژیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پەرەسەندوودا دەکات.

هەرچەندە ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا لە مانگی ژانویە، پاشەکشەیەکی گەورە بوو بۆ ئێران و حزبوڵڵا، بەڵام ئیسرائیلی ڕووبەڕووی هەڕەشەی نوێ بووەتەوە کە دەتوانێت ڕکابەری ئەو هەڕەشەیانە بکات کە ڕژێمی ئەسەد درووستی کردبوو.

شانبەشانی دوو پێکهاتەی ئایینی-نەتەوەیی بچووکتر، عەلەوییەکان و دروزەکان، کە لەم دووایانەدا ئەنجوومەنێکی سەربازییان ڕاگەیاند، پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێستای سووریا بەسەر سێ لایەنی گەورەدا دابەش کراوە: سوپای نیشتمانی سوریا (SNA) کە لەلایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکرێت، هاوپەیمانەکەی، تەحریر شام و هێزەکانی سووریای دێمۆکراتیک بە سەرۆکایەتی کوردەکان، لە ژێر فەرمانی ژێنێراڵ مەزلوم عەبدی.

بەڵام هێزەکانی سووریای دێمۆکراتیک تاکە هێزی گەورەی لیبراڵ-دیموکراسین لە سووریا، شانبەشانی کۆمەڵگەی دروزەکان کە لەم دووایانەدا ئەنجومەنێکی سەربازیی ڕاگەیەندراویان هەیە و ئیسرائیلیش هەوڵی داوە پەیوەندی لەگەڵیاندا درووست بکات. هەرچەندە عەبدی

ڕایگەیاند کە بانگەوازەکەی ئۆجەلان "پەیوەندی بە ئێمەوە نییە لە سووریا"، بەڵام وتەبێژی پارتی داد و گەشەی ئەردۆغان ئیدعای کرد کە بانگەوازەکەی ئۆجەلان هێزەکانی یەپەگە دەگرێتەوە.

دەستپێشخەرییەکانی ئەم دواییەی تورکیا بەرەو چەکداماڵینی کوردەکان لە خواستێکی ڕاستەقینەی ئاشتییەوە نییە بەڵکو هەوڵێکی ستراتیژیکە بۆ ڕێگریکردن لە کاریگەریی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا. ئانکارا ترسی ئەوەی هەیە کورد ببێت بە هێزێکی سەرەکی لە دارشتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەروەها هەژموونی تورکیا و ئەو تۆڕە ئیسلامییە کە پاڵپشتی دەکات، ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە.

ئەگەر تورکیا بەڕاستی پابەندە بە ئاشتی، بۆچی لە سەدەمینساڵیادی پەیمانی لۆزان (24ی ژولای1923) یان دامەزراندنی تورکیای مۆدێرن لە ساڵی 2023دا دەرفەتی بۆ ئەم پرسە نەڕەخساندووە؟ بۆچی ئێستا؟ ئەم هەنگاوە حیسابکراوەی ئەردۆغان لە دووای هێرشی حەماس لە 7ی ئۆکتۆبری 2023 بۆ سەر ئیسرائیل زەقتر دەبێت.

بەو پێیەی ئێران بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەوڵدەدات ستراتیژی سەد ساڵەی تورکیا بۆ سەرکوتکردنی کەمینە ئێتنیکییەکان دووبارە بکاتەوە، یارییە ژێئۆپۆڵیتیکە فراوانەکە هێشتا ئاڵۆزی لەگەڵە. هەروەک چۆن ڕەزا میرپەنج -ناسراو بە ڕەزا شا- لە ساڵانی1930دا مۆدێلی شۆڤێنیزمی ئێتنیکی تورکیای گرتەبەر بۆ سەرکوتکردنی ناسنامەی کورد، ڕەنگە ئێرانی ئێستاش بەدووای ئەم مۆدێلە نوێیەدا بگەڕێت، ئەمەش دینامیزمی ناوچەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەکات؛ بە هەمان ئامانجی نەهێشتنی هەر بزووتنەوەیەکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەگەر تـورکیا نەتـوانێت ئـامـانـجەکانی لە سـووریا دەسـتەبەر بکات -واتە چەککردنی کورد و هەڵوەشـاندنەوەی حکومەتە ئۆتۆنۆمەکەی لە ڕۆژاوا- ئەو کات لەناو تـورکیاشـدا کارتی ئۆجـالان بەفیڕۆ دەچێت.

توانای ئانکارا بۆ دەستکاریکردنی سیاسەتی کوردی لە ڕێگەی بەدیلگرتنی ئۆجەلانەوە، پەیوەسـتە بە سەرکەوتنی لە لاوازکردنی هێزە کوردییەکان لەسەر زەوی. ئەگەر ئەم سـتراتیژە شکستی هێنا، ئەوە کاریگەری تـورکیا بەسەر کەیسی کوردسـتانـدا کە وەک شمشێرێکی دوو لێوار بۆ تـورکەکان کاردەکات، بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

لەم دیمەنە ڕوو لە گەشەدا، هـاوپەیمانی کورد و ئیسرائیڵ دەتـوانێت فـاکتەرێکی بڕیاردەر بێت. بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دووانە دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان پاوانخوازییەکانی تورکیا و ئێراندا درووست بکات و سەقامگیری ناوچەکە بەرەو پێش ببات و داینامیزمی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـتدا پێناسە بکاتەوە. ئـایا ئیسرائیڵ پێش ئەوەی درەنـگ بێت ئەم دەرفەتە دەناسێتەوە؟ پێشتر هەنگاوی ناوە بۆ پاراستنی دروزەکان -ئایا قۆناخی دووایی کوردە؟

---

سەرچاوە:

https://www.jpost.com/opinion/article-845210

- د. لوقمان ڕادپەی کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نووسەری کتێبی "بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ: مافی چارەیخۆنوسین لە یاسای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسایی پرسی کوردستان و ڕەهەندە یاساییە نێونەتەوەییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.